# PAK و خەباتی چەکداری

## عەبدوڵڵا نەسیری: ئێمە سەرقاڵی خۆڕاهێنانین بۆ ڕاماڵینی دوژمن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

**بۆ چەند ساڵێک دەچێ کە حیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خەباتی چەکدارییان ڕاگرتووە و لە شارە جیاوازەکانی باشووری کوردستاندا نێشتەجێن. "بۆکوردستان" "عەبدوڵڵا نەسیری" ناسراو بە "عەبە ڕەش،" بەرپرسی کۆمیتەی نیزامیی پارتی ئازادیی کوردستانی بەسەرکردەوە و سەبارەت بە هۆکارەکانی ڕاگرتنی خەباتی چەکداری و دۆخی ئێستای هێزە کوردییەکان لە بواری نیزامییەوە، چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد.**

**"بۆ کوردستان": خەباتی چەکداری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا چ گۆڕانێکی بە سەردا هاتووە؟**

**عەبدوڵڵا نەسیری:** بە بڕوای من هەموو جۆرەکانی خەبات گۆڕانیان بە خۆوە بینیوە، نەک تەنیا خەباتی چەکداری. تەکنۆلۆژی ئاسانکاریی زۆری کردووە. جاران بۆ گەیاندنی بەیاننامەیەک بە خەڵکی شارەکانی ڕۆژهەڵات، دەبووایە هێزی پێشمەرگە ڕەوانەی شارەکان بکرابایە و بێ شک لەو ڕێگایەشدا تووشی شەڕ و پێکدادانیش دەبوو، بەڵام ئێستا بە ئینترنێت ئەو کارە جێ بە جێ دەکرێ. بە گشتی خەباتی چەکداری چەند ساڵێکە بە شێوەی جاران گەرم و گۆڕ نییە. ئەگەر چی پارتی ئازادیی کوردستان، تاکە حیزبی سیاسی بووە کە لە دە ساڵی ڕابردوودا جەوڵەی هەبووە و ڕووبەڕووی هێزەکانی داگیرکەر بووەتەوە و حیماسەی زۆری خوڵقاندووە، بەڵام هاتینە سەر ئەو قەناعەتە کە دەسکەوتەکانی باشووری کوردستان چارەنووسی سیاسیی بەشێکی زۆر لە ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمانی پێوە گرێ دراوە، بۆیە پاراستنی بە ئەرکی لەپێشی خۆمان دەزانین و ناکرێ بە بەردەوامبوون لەسەر خەباتی نیزامی، بەهانە بدەینە دەست وڵاتانی ناوچەکەوە و پارلەمان و حکومەتی کوردی بخەینە بەر مەترسییەوە. بەڵام بەو حاڵەشەوە جاروبار چالاکیی چەکداریشمان لە قووڵایی وڵاتدا هەر هەبووە.

ئەو هێزە چەکدارە لەم قۆناخەدا پێویستە پاراو بکرێ . ئێمە سەرقاڵی خۆڕاهێنانی بەردەوامین، هەم بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکەران و ڕاماڵینی دوژمن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەم بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی باشووری کوردستان. ئەمە نیشانەی لاوازیی ئێمە نییە، بەڵکوو لە بەرژەوەندیی گشتیی گەلەکەمانداین. ئێمە ناتوانین دژایەتیی دەستکەوتەکانی خۆشکان و برایانی خۆمان لە باشووری کوردستان بکەین.

**"بۆ کوردستان": حیزبەکان لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە، تا چەند ئامادەن خەباتی چەکداری دەست پێبکەنەوە؟**

**عەبدوڵڵا نەسیری:** ئێمە پێویست ناکات لەسەر دۆخی هێزی نیزامیی حیزبەکانی دیکە و جۆری تێڕوانینیان بۆ خەباتی چەکداری قسە بکەین، بەڵام ئەوەندەی کە بۆ ئێمە دەگەڕێتەوە، هەموو ئامادەییەکمان هەیە کە لە کاتی لەباردا ئەو خەباتە گەرم و گۆڕ بکەینەوە.

**"بۆ کوردستان": تاچەند حیزبەکان گرنگی بە بەشی نیزامیی خۆیان دەدەن؟**

**عەبدوڵڵا نەسیری:** هێزی نیزامی بازووی بەتوانای نەتەوەی کورەدە، بۆیە بەش بەحاڵی خۆمان گرینگیمان پێدەدرێ. لەم سەردەمەدا سیاسەت و هێزی نیزامی دوو شتی پێکەوە بەستراون. هێز لە جێ بە جێ کردنی سیاسەتدا ڕۆڵی هەیە. بۆ نموونە، ئەمریکا تەنها بە دیالۆگ و دانوستان ڕێژیمی دیکتاتۆری سەدامی نەڕووخاند، بەڵکوو ئەوە هێزی نیزامی بوو ئەو ئاڵوگۆڕەی لە عێراقدا دروست کرد.

**"بۆ کوردستان": ژیانی ئۆردووگانشینی تاچەندە هێزی نیزامیی ئێوەی لاوازکردووە؟**

**عەبدوڵڵا نەسیری:** مانەوە لە ئوردووگاکانی حیزبدا، بێ کێشە و گرفت نییە، بەڵام وەی شۆڕشگێڕان و خەباتکارانی PAK، لە هیچ قۆناخێکی سەختریشدا دانابەزێ. ئێمە بەرنامەی تایبەتیمان هەیە و بۆشاییەکان بە پلانی جۆراوجۆر پڕدەکەینەوە. ئەگەر بستە خاکێکی وڵاتەکەمان لەبەر دەستماندا بێ، فێرگەی نیزامی و شوێنی ڕاهێنانی نیزامیی تێدا دەکەینەوە و چالاکییەکانمان بەردەوامن. ئێمە چاوەڕوان و دەستەوژنۆ نابین. زانیاریی نوێ سەبارەت بە کاروباری نیزامی کۆ دەکەینەوە. جۆرەکانی خەباتی "پارتیزانی" و "بەرەیی" لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەین و بۆ هەر قۆناخێک شێوازێکی تایبەتی دیاری دەکەین.

# 8 مارس و خەبات لە پێناو مرۆڤسالاریدا

چیمەن کەمالی

رۆژی 8 مارسی ساڵی 1857 ، لە شاری نیۆیۆرکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ژنانی کرێکاری کارخانەی ڕستنی قوماشی ئەو شارە، لە پێناو گۆڕینی هەلومەرجی کار و زیادکردنی حەقدەستەکانیان، خۆپیشاندانێکی هێمنانەیان ساز کرد. بەڵام هێزەکانی پۆلیسی ئەو شارە، ڕووبەڕووی خۆپیشاندەران بوونەوە و هەوڵەکانی ژنان لە پێناو دەربڕینی ناڕەزایی لە پێشلکردنی مافەڕەوا و ئینسانییەکانیان، تووشی شکست هات.

ساڵی 1910 ، لە کۆنفرانسی ژنانی سۆسیالیست دا، بابەتی دیاریی کردنی ڕۆژی جیهانیی ژن هاتە بەر باس و چەند بۆچوونێک خرانە بەر دەم کۆنفرانسەکە، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێک دیاریی کردنی ئەو ڕۆژە بۆ کاتێکی دیکە دواخرا.

لە 1919 دا " ئینترناسیۆنالی دووهەم" بۆ ڕێز گرتن لە خەباتی ژنانی نیۆیۆرک، ڕۆژی 8 مارسی بە ڕۆژی نێونەتەوەیی ژن دیاریی کرد. لەو کاتەوە تاکوو ئێستا، لە ڕۆژی 8 مارسی هەموو ساڵێکدا، نە تەنیا هەر ژنان، بەڵکوو پیاوانی یەکسانیخواز و خوازیاری ئازادیی ئینسان و مرۆڤسالاری، لە زۆربەی وڵاتانی جیهان، بە شێوەی جۆراوجۆر ڕێز لەم یادە دەگرن.

بێشک، باسکردن لە 8 مارس، بە بێ ناوی "کلارا زتکین،" مومکین نییە و پێویستە ئاماژە بە کاریگەریی چالاکییەکانی ئەو لەسەر بزاڤی ژنان و بەتایبەتی دیاریکردنی ڕۆژی 8 مارس، وەکوو ڕۆژی جیهانیی ژن بکرێ.

لە سەر پێشنیاری "کلارا زتکین" بوو کە 8 مارس وەک ڕۆژی جیهانیی ژن دیاریی کرا، هەر بۆیە نازناوی "دایکی ڕۆژی جیهانی ژن"ی پێبەخشرا.

ناوبراو کە لەدایکبووی 1857 ی ئاڵمانە، چالاکێکی سۆسیالیستیی ماف و ئازادییەکانی ژنان بوو . ئەو لە سەردەمێکدا کە هێشتا ئەندامەتیی ژن لە پارتە سیاسییەکاندا بە تەواوەتی جێ نەکەوتبوو، چووە ڕیزەکانی حیزبی "سۆسیال دیمۆکراتی ئاڵمان"ەوە.

بە حەول و تەقەلای "کلارا زتکین" بوو کە لە 1889دا، کۆنگرەی دووهەمی ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست، کۆمەڵە مافێکی گرینگ و بنەڕەتیی وەکوو "مافی دەنگدان" و "حەقدەستی یەکسان لەگەڵ پیاواندا،" بۆ ژنان دەستنیشان کرد.

بابەتێکی دیکە، کە لە پێوەندی لەگەڵ خەباتی ژناندا پێویستە ئاماژەی پێبکەم، "فیمینیزم"ە. فیمینیزم، یەک لەو ڕێبازانایە کە پرسی ئازادیی ژنانی کردۆتە گرینگترین گوتار و ئامانجی خۆی. فیمینیزم، خۆی لەخۆیدا بەسەر چەند ڕەهەندێکەوە وەکوو فیمینیزمی "لیبڕاڵ" و " سۆسیالیستی" دابەش دەبێ.

هەر کام لەو چەشنانە لە ڕێبازی فیمینیستی، لێکدانەوە و هەڵوێستی جیاوازیان لەسەر مەسەلەی ژنان هەیە، بەڵام خاڵ و ئامانجی هاوبەشیان خەباتە دژ بە چەوساندنەوەی ژنان و بێبەشبوونیان لە ماف و ئازادییە ئینسانییەکان.

ئەوە خاڵێک لە تایبەتمەندییە ئەکتیڤەکانی ئەو بیرۆکەیەیە، بەڵام ئایا ڕێبازی فیمینیستی بەدوور لە ڕەخنەیە؟

نەخێر! لە ڕەخنە بەرچاو و جێی باسەکانی فیمینیسم، دابەشکردنی کۆمەڵگەیە بەسەر دوو چینی "ژن" و "پیاو"دا.

ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە و نابێ ڕێگا بدرێ کە ژن و پیاو، هەست بە دوژمنایەتیی یەکتر بکەن و دەبێ هێنانەدیی یەکسانی لە کۆمەڵگا، بە ئامانجی سەرەکیی خەباتی ژنان دابنرێ، نەک پیاو و ژن بۆ بەدەستهێنانی ماف و ئازادی لە ململانێدا بن.

بە بڕوای من، ژن و پیاو دوو ڕەگەزی تەواوکەری یەکترن. ژیانی هیچکامیان بە بێ ئەوی دیکە واتای نییە و بالادەستی یەکیان و بندەستی ئەوی دیکەیان، دروست و جێی پەسند نییە. بۆیە لە دوو بەرەدا دژ بەیەک ڕاوەستانی ژن و پیاو، بەهیچ بارێکدا بە قازانجی کۆمەڵگەی ئینسانی نییە!

لە کۆتاییدا، پیرۆزبایی 8 مارس، ڕۆژی جیهانیی ژن دەکەم و هەر ئەوەندە بەسە کە بڵێم، کۆمەڵگای ئێمە، کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارە و پێویستە لە هەموو پێکهاتەکانیدا گۆڕانکاری بەدی بهێنین و بۆ سەقامگیریی مروڤسالاری تێبکۆشین. بێشک ئەو تێکۆشان و خەباتەش، تەنیا تایبەت بە ژن نییە و بە بەشداریی ژنان و پیاوانی یەکسانیخوازی کۆمەڵگاکەمانەوە دێتە دی.

# ڕاپۆرتێک لەسەر بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی 8 مارس لە شارە جیاجیاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لە ڕۆژی 8 مارس، ڕۆژی جیهانیی ژن، هەزاران کەس لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەتی لە سەقز، مەریوان، سنە و بۆکان، بە کۆبوونەوە و سازکردنی ڕێپێوان، ئەو یادەیان بەرز ڕاگرت و پێداگرییان لەسەر ماف و ئازادییەکانی ژناندا کرد.

لە سەقز، ژمارەیەکی بەرچاو لە هاوڵاتیان، ڕێپێوانێکیان لە مەیدانی "هەڵۆ"وە هەتاکوو چوارڕێیانی "ئازادی"ی ئەو شارە، وەڕێخست. ڕێپێوانەکە، تا دەمەو ئێوارە درێژەی کێشا و سەرئەنجام لە لایەن هێزە ئینتزامییەکانی ڕێژیمەوە، بڵاوە بە خەڵکەکە کرا.

هەروەها، لە مەریوان، کۆمەڵێک لە چالاکان و ڕێکخراوەکانی ژنان، لە تەنیشت زەریاچەی زریبار، کۆبوونەوەیەکیان ساز کرد و تێیدا دروشمی "بۆ ئازادی"، "بۆ 8 مارس" یان دا . لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا، بەیاننامەیەک لە لایەن بەشداربووانەوە خوێندرایەوە کە لە بەشێکیدا هاتووە:" ئێمە لێرە کۆبوونەتەوە تاکوو هاوار بکەین کە: ژن مرۆڤە. ژنان ئازاد لە دایک بوونە و کۆڵ بە دیلی نادەن. "

لە لایەکی دیکەوە لە بۆکان، سەدان کەس لە کچان و کوڕانی ئەو شارە، لە چوارڕێیان "شارداری"یەوە هەتا گەڕەکی "بیمارستان،" ڕێپێوانێکیان وەڕێخست و خوازیاری یەکسانیی ڕەگەزەیی نێوان ژنان و پیاوان بوون.

هەروەها، لە سنە، داوابەدوای بانگهێشتی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی 8 مارس، ڕێوڕەسمێکی تایبەت لە" کانی شەفا"ی ئەو شارە بەڕێوەچوو و بەشداربووان بەیاننامەیەکیان خوێندەوە کە لەبەشێکیدا داوا لە دەسەڵاتدارانی ئێران دەکەن کە ئەو ڕۆژە وەکوو ڕۆژی جیهانیی ژن، بە ڕەسمی بناسن.

شایانی باسە کە لە شارەکانی دیکەشدا، ڕێوڕەسمی هاوشێوە بۆ سەدەمین ساڵیادی 8 مارس، ڕۆژی جیهانیی ژن، بەڕێوەچوو.